# بەعس دەگەڕێتەوە؟

نوسینی: تەها سلێمان



بەدیار ئەم ناونیشانەوە زۆر ڕامام و بگرە هەندێك ئازاریشم خوارد، چوون مرۆڤ کاتێ هەست بەمەترسیەك بکاو پەیامی مەترسی هەستپێکراو هەڕەشە بێ بۆ سەر کۆنەستی تاکەکانی کۆمەڵگاو ئەو زێدو نیشتمانەی تیایدا دەژی، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکا یان ڕاستەو خۆ هەندێ پرسیاری هەمەجۆر یاخەی دەگرن و لەهەمانکاتا وەڵامیان دەوێ. ئایشارمەوە (بەعس دەگەڕێتەوە)، گەڕانەوەی بەعسیش بەواتای کووشتنی هەموو پرۆژەو خەون و هەنگاوە جیدی و سەرەتاییەکانە و گەڕانەوەیە بۆ سڕینەوەی شووناسی مرۆڤ بوون لەکۆمەڵگایەکدا کە خودی بەعس زیاتر لەچارەکە سەدەیەك و لەلوتکەی بەربەریەت و شۆڤێنیەتدا، کۆمەڵکوژی تیا ئەنجام داو کردی بەگۆمی خوێن. بازۆر درێژە بەو پێشەکیە ناپێویستەی سەرەوە نەدەم و بگەڕێمەوە بۆلای باسە سەرەکیەکەی خۆم و سەرەتاش ئەم پرسیارانە بکەم: بۆچی بەعس دەگەڕێتەوە؟ کێ بەرپرسیارە لەگەڕانەوەی بەعس؟ هەوڵ دەدەم لەم کورتە نوسینەدا وەڵامی ئەم دووپرسیارەبدەمەوە و مەبەستی سەرەکیم لەنوسینی ئەم بابەتەو هەڵبژاردنی ناونیشانێکی لەو جۆرەی سەرەوە بۆ خوێنەر شی بکەمەوە. بەعس گەڕاوەتەوەو بەئاشکراش کاروباری ئاسایی خۆی ڕادەپەڕێنێ و بەعسییەکان شانازی بەبەعسی بوونی خۆیانەوە دەکەن و پێشیان وایە بەعسی نەبوون لە واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگای عێراقیدا نەنگیەکی گەورەیە. بەعسییەکان ئەمڕۆ لە پەرلەماندان، لەدامو دەزگا هەستیارەکانی حکومەتدان، ناوەندێکی فراوان لەشۆڤێنیەتی عەرەب کۆدەنگی و پشتگیریان دەکا و سیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراقدا بوارو پانتایەکی لەبارە بۆ دەرکەوتنی بەعسییەکان بەم شێوەیە. بەدیوەکەی تردا ئەتوانم بڵێم ئەمریکا بەپلەی یەکەم بەرپرسە لە گەڕانەوەی بەعسیەکان و دەرکەوتنیان بەشێوەی ئێستا، چونکە ئەجێندای سیاسەتی ئەمریکیەکان لەکاتی داگیر کردنی عێراق بەکردەیی سەربازی بەهیچ شێوەیەك لەشێوەکان لەناودانی بەعسی لە خۆنەگرتبوو، بەڵکو ڕووخانی حکومەتی بەعس و داگیرکردنی عێراق ئامانجی ستراتیژی ئەمریکا بوو. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هێزە شیعە مەزهەبەکانی عێراق بەشێوەیەکی زۆر هەڕەمەکیانە و دوور لە هەرپێوەرێکی تەندرووست کەوتنە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە و حزب و هێزە سونە مەزهەبەکانیش بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ڕێکخروەیی خۆیان دەرگایان بۆ زۆربەی هەرە زۆری جەلاد و پیاو کوژو خوێنڕێژەکانی بەعس کردەوەو بوون بەباوانی سیاسی و شۆڤێنی و ئاینی توند ڕەویان. هێزو حزبەکوردستانیەکانیش لەم ئاستەدا واقیان وڕماو

وەك چۆن بڵێی وابیر بکەنەوە ئەگەر بێت و فریانەکەون بەشیان لەوەرگرتنی بەعسییەکان بـەتاوانبارو بێتاوان کەم دەبێتەوە، بەپەلە پرۆزێ برێك هەڵپەیان لەم بوارەداکرد.
لەهـەنگاوی یەکەمـدا بەعـسییەکان سەرلێـشێوادەبن و پەرتـەوازە دەمێنـنـەوە، حکومـەتیش گوتـاری بەئاراستەی ریشەکێش کردنی بەعس برێـك توونـدو تیـژی بـە خـۆوە دەبینـێ، وەلێ ئـەم کـەف و کوڵـە مەوداکەی زۆر کورت دەبێ و بەعسیەکان و ئەمریکییەکان و هەندێك ناوەندی هەرێمایـەتی و عـەرەبی دێنە ناو پرۆسەکەوە، لەهەموویان زیـاتر ئـەمریکییـەکان گڵۆپی سـەوز هەڵدەکـەن و ریـشە کێـشکردنی بەعس کەبڕیارێکی گرنگ و بەجێ بوو وەك بابەتێکی گاڵتە ئامێز دێننە پێش چاوی خۆیان. هەنگاوی دووەم بەعسییەکان خۆیان کۆدەکەنەوەو لەپرۆسەیەکی بەعسیزمیانەدا خۆیان رێـك دەخـەن، بێگومـان رۆڵـی خراپـی ئـەمریکییـەکان و ناکـارایی حکومـەتی عێـراقیش هێنـدەی تـر بـوونی بەعـسییەکان لەگۆڕەپانەکـە دەسـەلمێنێ ، لەلایـەکی تریـشەوە خـودی ئـەمریکیـەکان بـۆوەڵامی کورتهێنـانی گووتـاری ئاراستەکراویان لەبەرامبەر کێشە و گرفت و ئاڵۆزییەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و داگیرکردنی ، و هەروەها بەمەبەستی رێگرتن لەدەخاڵەتی دەراوسێکانی عێـراق لـە فراوانترکردنـی کێـشە و گرفـت و ئاڵۆزییەکانی ناو عێراق بەتایبەت، تەواو سیاسـەتەکەی لەبەرامبـەر بەعـسیەکان دەگـۆڕێ و بەڕاسـتە و خۆو ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشتگیری کردنیان.
ئیتر لێرەوە بەعس بەشێنەیی دەگەڕێتەوەو دەبێتە یـاری کـەرێکی ڕاسـتەو خـۆ لـەناو هاوکێـشە ئـاڵۆزو سەختەکانی عێراقدا، وەك دەیبیـنین( خۆپیـشاندان دەکـەن بـۆ بـەردانی سـەدام و تاوانبارەکـانی دەورو بەری، کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان رێـك دەخـەن، ڕاگەیانـدن و بەیاننامـەی جـۆراو جـۆر بـڵاو دەکەنـەوە، داوای کردنـەوەی بارەگـا دەکـەن، داوای ئەوەدەکـەن ئاشـبوونەوە بـەبێ بـەعس مەیـسەر نـابێ، خـەڵك دەکوژن و تیرۆر دەکەن و هەڕەشەی خوێناوی بڵاو دەکەنـەوە، عەرەبـە شـۆڤێنیەکان پـشگیریان دەکـەن، لەهەندێ شارو شارۆچکە خۆیان حاکمن)ولەگەڵ هەموو ئەوانەی تر کەلەسەرەوەڕا باسمان کردو هتد
کەچی ئەوەی کەتەواو جێی پرسیارەو تائێستاش وەڵامەکەی نادیارە، هەڵوێستە لە گەڕانەوەی بەعس و ئـەو هۆکارانـەی پـشت گەڕانـەوەی چـارەکە سـەدەیەك خـوێن لەبـەر ڕۆیـشتن و کوشـتن و لـەناودان و کیمیاباران و ئەنفال و تێك و پێـك شـکاندنی کـۆی پایـە سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـبیری ومرۆییەکانی کۆمەڵگای عێراقی و کوردستانی. من وای دەبینـم ئەگـەربێت و ئـەم نابەرپرسـیارێتیەیی ئێستا لەوە زیاتر لەلای ناوەندو حزب و هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان و حکومەت و پارلەمانی عێـراق و کوردسـتان درێـژە بکێـشێ، هاوکێـشەکە سـەختردەبێ و ئەگـەر ئـەمڕۆ وەك ئـەمری واقیـع گەڕانـەوەی بەعـسی شـۆڤێنی و خـوێن ڕێـژمان پێقبـووڵ نـەبێ، ئـەوا لەسـبینێیەکی زۆر نزیکـدا وەك ئەمری واقیع قبوڵیش دەکرێ و ئەشگووترێ بەبێ بـەعس بـارو دۆخـی عێـراق نامـەیێ. پـێش وەختـی ئەوەی ئـەو ئـەمری واقیعـە تاڵـە هاوکێـشەی سیاسـی عێـراق و کوردسـتان ڕاوەشـێنێ و ئامـادەبوونی لـە هاوکێشەکە وەك یاری کەرێکی کارا بسلمێنێ، سـەرکردایەتی سیاسـی و دەسـەڵات لـەعێراق و کوردسـتان پێویستە بەئاگابێ و قەدەر نەکاتە پێوەر بۆ یـەکلایی کردنـەوەی ئەگـەرو پێشهاتەکان. بەتایبـەت ئـەو ئەگـەرو پێـشهاتانەی نیـشانەی بـاش بـۆ ئاینـدەی کۆمـەڵگای عێراقـی بەگـشتی و کوردسـتان و مەسـەلە چـارەنووس سـازەکەی بەتایبـەت هەڵناکـەن و پێـشان نـادەن. ئەگـەر (نـا) پێیـان خـۆش بـێ یـان (نـا)،

ئەمریکیەکان چەند بەرپرسیارێتی هەڵبگرن لە گەڕانەوەی بەعس ئەوانیش بەرپرسیارێتیەکەیان لەهی ئەمریکییەکان کەمتر نیە و بگرە ئەگەر یاری ئەمریکییەکان لەگەڵ بەعسییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێ و هتد ئەوە نابەرپرسیارێتی پارلەمان و حکومەتی عێراقی و پارلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ئاستەدا نابەر پرسیارێتیەکی سیاسی – ئەخلاقیە و ناکرێ بەسەریاندا تێپەڕبێ. بۆنموونە لەبەرزترین لوتکەی دەسەلاتەوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دەڵێن : (بەعسی لە پەرلەمانی عێراقدایە، بەعسی لەدام و دەزگای هەستیاری حکومەتی عێراقدایە و هتد) ، باشە کەئەمە ڕوون بێ و ئاشکرابێ ئەی هەڵوێست لەبەرامبەریدا چیە؟ کوانێ لێپرسینەوەو هەڵدانەوەی فایلەکانیان؟ کوانێ لێپێچینەوە لە ئەو بەعسیانەی کەبەشەو خەڵك دەفرێنن و دەکوژن و تیرۆر دەکەن و هتد بەڕۆژیش فەرمانبەری گەورەی حکومەت و دەستڕۆیشتوون؟